# فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب

**ڕزگار موکری**

پرسیاری سەرەکی دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا بزووتنەوەی کورد لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی کوردی توانیویەتی فێمێنیزم وەک یەک لە دالەکانی گوتاری سیاسیی خۆی مەفسەلبەندی بکات یا بە زمانێکی ساکارتر ئایا ناسیۆنالیسم و فێمێنیزم توانیویانە وێڕای یەکتر خەباتی خۆیان بۆ سڕینەوەی ستەمە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتییەکان و باقیی ستەمەکانی دیکە لە ئێرانی فرە نەتەوە بەرنە پێشێ؟

## پێشەکی

فێمێنیزم وەک یەک لە ڕوانگە کۆمەڵناسی، سیاسی و فەلسەفییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست توانیویەتی بە وێنەی بەشێک لە کەڵکەڵە هزرییەکانی کورد، لانی کەم لەو ساڵانەی دواییدا دەرکەوێ، بەڵام فێمێنیزم وەک ئیدئۆلۆژی نەبووەتە بنەمایەکی ڕوون بۆ پرسی ژنان و چەشنی چەمکێکی گرینگی پەیوەندیدار بە خەباتی نەتەوەییەوە بوونی نەبووە. دیارە وێڕای دەستپێکی خەباتی مودێرن لە سەر بنەمای حیزبایەتی، دامەزراوەکانی ژنان بۆ یەکەم جار ساز بوون و لە سەرەتای شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات، ئافرەتان تیکەڵ بەو شۆڕشە بوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە مەیدانی مەدەنی و خەباتی شاردا، ژنان بە شێوەیەکی ڕوونتر و بەرچاوتر وەک سووژەیەکی کارامە شوناسی خۆیان پاراست و لە قەوارەی نەریتخوازانەی بیری کۆمەڵگا هاتنە دەرێ. بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواریی ئافرەتان و حزووریان لە دامەزراوە مەدەنییەکان کە بەرهەمی عەقڵی مودێرن و ڕەخنەگرانەی مرۆڤی سەردەمن، پێکهێنەری شۆڕشێکی دژ بە ئۆبژەیی مێژوویی مێینە بوون. لەم ڕووەوە ژنی کورد ئەزموونێکی نوێ لە مافخوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەند جۆر ستەمی تاقی کردەوە؛ ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزایەتی، ئەگەرچی حووزووری شۆڕشگێڕانەی ئافرەتان لە دووباڵی خەباتی شار و شاخدا بەرچاو و مانادار بووە، بەڵام جۆری پەیوەندیی ئەم تێکەڵ بوونە لە چوارچێوەی شۆڕشی فێمێنیستیدا نەبووە و بنەما تیئۆریکەکانی ئەم ئیدئۆلۆژییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نەپارێزراوە و شێوەی گرێ درانەوەی بە خەباتی نەتەوایەتیی کوردەوە کەم هێز بووە. لە وەها دۆخێکدا پرسیاری سەرەکی دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا بزووتنەوەی کورد لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی کوردی توانیویەتی فێمێنیزم وەک یەک لە دالەکانی گوتاری سیاسیی خۆی مەفسەلبەندی بکات یا بە زمانێکی ساکارتر ئایا ناسیۆنالیسم و فێمێنیزم توانیویانە وێڕای یەکتر خەباتی خۆیان بۆ سڕینەوەی ستەمە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتییەکان و باقیی ستەمەکانی دیکە لە ئێرانی فرە نەتەوە بەرنە پێشێ؟ بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارە پێویستە لێکدانەوەیەک لە سەر ئەو جۆرە لە فێمێنیزم بدەی بە دەستەوە کە توانایی ئەوەی هەیە چوارچێوەیەکی تەحلیلیی بە هێز بۆ هاوڕێیەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ژنان، بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمەکان پێک بێنی و پەیوەندیی فێمێنیزمی کورد و ئێرانی، وەک ژینگەی سیاسیی ژنی کورد باس بکەین.

## سێ ڕوانگەی گشتی بۆ وڵامی پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم وتارە لەئارادایە؛

**یەکەم؛** ڕوانگەی گشتیی زۆریەک لە چالاکانی سیاسی و سیاسەتمەداران کە پێیان وایە کاتێک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسم لە ئارادایە، باس کردن لە فێمێنیزم و هەر جۆرە خەباتێکی لەو چەشنە، دەتوانێ چەواشە کردنی ڕەوتی بزووتنەوەکە بێت، بۆ ئەوەی هەر جۆرە ستەمێک کۆتایی پێ بێ، کە ستەمی ڕەگەزایەتیش یەک لەوانە، پێویستە گشت کۆمەڵگا پێکەوە و یەکگرتوانە حەول بدەن بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، کە لە ئاکامی ئەم هەرەوەزەدا سەرکەوتن ڕوودەدات و هاو کات هەموو ستەمەکانی دیکەش وێڕای ئەو ستەمە یا بە دوای ئەودا کۆتاییان پێ دێت و ستەم بە دژی ژنانیش بەرەو کۆتایی

دەڕوا. لە ڕاســـتیدا ئــەم ڕوانگەیە لە زۆر وڵات و تەنانەت کوردستانیشـــدا زاڵ بووە و بزووتنەوەی ژنـــان، وەک بزووتنەووەی پاشـــکۆی نەتەوەیی چاوی لـــێ کراوە و هەموو شتێک بەم بڕوایەوە بەستراوەتەوە بە ســـەرکەوتوویی یا ناســـەرکەوتوویی بزووتنەوەی نەتەوایەتی.

**دووهەم؛** دووهەم ڕوانگە ڕیشەی لە شەپۆلی دووهەمی فێمێنیزمدایە، ئەم شێوە ڕوانینە جەخت لە ســـەر جیاوازییەکان دەکات و بڕوای بە شوناســـێکی تایبـــەت و جیاواز بۆ بزووتنـــەوە فێمێنیســـتییە ئیتنیکی و ڕەچەڵەکییـــەکان هەیـــە. کەواتە ناکرێ بزووتنـــەوەی ژنان بخرێتـــە چوارچێوەی بزووتنـــەوەی نەتەوایەتی یا ئیتنیکییەوە و حەول بدرێ لەو قەوارەیەدا شکڵ بگرێ. لە ڕاستیدا خاڵی ڕوونکەرەوەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە ئەگەر پرســـی ژنـــان لە قەوارە و بەســـتێنێکی نەتەوەییدا بـــاس بکرێ، شوناسێکی تایبەت بە ئافرەتانی ئەم نەتەوە یا ئیتنیکەی دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە پرسی ژنان پرسێکی تەواو جیاوازە و خەبات بۆ ئەم پرســـە جیاوازە، ڕەوتێکی جیاواز دەپێوێ. وەک دیارە ئەم ڕوانگەیە ڕاســـت ئەودیوی ڕوانگەی یەکەمـــە، جیاوازیی بزووتنەوەی ژنان بە پێـــی بـــارودۆخ و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتـــی، بەفەرمـــی دەناســـێ بەڵام حەولی بۆ ســـاز کردنی پەیوەندییەک لە نێوان خەباتە جۆراوجۆرەکان دژ بە ستەمە چەندفاقەکان نادات.

**ســـێهەم؛** ڕوانگـــەی ســـێهەم لەســـەر بڕوامەند بوون بە شوناســـە چەندفاقەکان و تێکهەڵکێشـــانی گونجـــاوی کەڵکەڵە و داواکارییـــەکان دامـــەزراوە. لە ڕاســـتیدا ژن دەتوانێ هەم کەڵکەڵـــەی نەتەوەییی هەبێ، هەم داواکاریی فێمێنیستی و هەم ویســـتی چینایەتی و ... لـــەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ ئەو بڕوایە کە فێمێنیســـتەکان دەتوانن لە ڕەوتی نەتەوەســـازی و بابەتە نەتەوەییەکاندا نەخشیان هەبێ بێتە بەر باس. ئـــەم ڕوانگەیە پێی وایە کە چالاکیە فێمێنیســـتییەکان دەتوانـــن هانـــدەر و ڕێکخەری نەتەوەخوازییش بن. نیرا یووال و فلۆیا ئانتیـــاس (Nira yuval Davis & Floya Anthias) پێیـــان وایە ئافرەتان لەو ڕێگایانەی خوارەوە بەشـــداریی چالاکییە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان دەکەن؛

نوێنەرایەتـــی کردنـــی کەمایەتییـــە ئیتنیکییـــەکان، دیاری کردنی ســـنووری پێکهاتـــە نەتەوەیـــی و ئیتنیکییـــەکان، ڕاگواســـتنی بایەخـــە کۆمەڵایەتییەکان، ڕوون کردنەوەی جیاوازییـــە نەتەوەیی و ئیتنیکییـــەکان و بەشـــداریی چالاکانە لە شۆڕشـــە نەتەوەییەکاندا، لە هەمووی ئەم چالاکیانەدا ژنان بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان و بە تایبەتمەندی شوناسی ژنانەوە، لە پـــڕۆژە نەتەوایەتـــی و ئیتنیکییەکاندا حوزووریان هەیە. (فریدمـــن، ١٣٨٢، ١٣٥). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە پێویست نییە وەک دوو شـــتی جیاواز یا دژ بە یەک بڕوانرێتە ڕەگەزایەتی و شوناسی نەتەوایەتی و دەکرێ بزووتنـــەوە فێمێنیســـتییەکان هاوتەریب و هاوڕێـــی بزووتنـــەوە نەتەوایەتییـــەکان ببیندرێن.

ئـــەم ڕوانگەیـــە کە لە ســـەر بنەمای تێک هەڵکێشـــانی شوناسی چەندفاقەکان ســـاز بووە، پێی وایە جیاوازیی ڕەگەزی و ڕەچەڵەکی، ئیتنیکی و نەتەوەیی، دەتوانێ بەرهەمهێنی ســـتەم و چەوساندنەوە بێ و مرۆڤێک بە هـــۆی ئەوەیکە ژنە و ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئاییـــن و ئیتنیکێکی جیاوازی هەیە وێڕای یەک تووشـــی چەوســـانەوە بێت. ئەم بڕوایە لە ڕاستیدا بنەمای هزری فێمینیســـمی ڕەش پێک دێنێ، جۆرێک لە فێمینیســـم کە دوو شوناسی جیاوزی ژنێتی و ڕەش پێســـتی، هۆکاری دوو جۆر

ستەمی ڕەچەڵەکی و ڕەگەزایەتی بوون. لەم ڕوانگەیەوە شوناسە چەندفاقەکان تایبەتمەندیی ئاسیایی، ڕەش پێست و بە گشتی ژنانی ئیتنیک و نەتەوە ڕەنگین پێستەکانە. (هەمان)

کەواتە فێمێنیزمی ڕەش دەتوانێ ئەو شێوەیە لە فێمێنیزم بێ کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە، چون ئەم جۆرە لە فێمێنیزم لە بارودۆخێکی هاوشێوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی گەلانی جیاوازی دنیادا کە لە ژێر ستەمە جۆراوجۆرەکاندان، دامەزراوە.

## فێمێنیزمی ڕەش

کەسانی وەک باربارا ئیسمیت، ئێدریلێرد، گلۆریا جۆزێف، گلۆریا هاڵ وئالیس واکێر حەولیان داوە بۆ خوڵقاندنی هێندێک تیئۆری کە پێداویستیی ژنانی ڕەشە بۆ خەبات لە پێناو چاک کردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا. لە ڕاستیدا تیئۆریی فێمێنیزمی ڕەش خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی لە گەڵ فێمێنیستە سپییەکان پێشکەش دەکا تا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە نێو کۆمەڵگایەکی ڕەگەزپەرەستدا، دژایەتییەکانی نێوان ڕەگەز، ڕەچەڵەک و چین لێک بداتەوە.(هام و گەمبێل، ١٣٨٢، ١٣٢)

لێکدانەوەی بنەڕەتیی فێمێنیزمی ڕەش ئەوەیە کە ژنانی سپی پێست ناتوانن لە کێشەکانی پەیوەندیدار بە ستەمی ڕەچەڵەک پەرەستانە کە دەستەویەخەی ڕەش پێستەکانە بگەن. بە درێژاییی خەباتی فێمێنیستی، ئەوەی کە پتر لە هەر لایەنێک بۆتە هۆی کپ کردنی دەنگی ئافرەتانی ڕەش، ژنانی فێمێنیستی سپی بوون و بایەخێکیان بۆ ئازاری ژنە ڕەنگین پێستەکان دانەناوە.(مشیرزادە، ١٣٩٠، ٤١٤) هۆکس پێی وایە هێندەی هیچ پێکهاتەیەک لە ئامریکا نکۆڵی لە شوناسی ژنانی ڕەش نەکراوە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ لەم کلتوورەدا وەک تاقمێکی جیاواز لە پیاوانی ڕەش یا ژنانی سپی دان بە ژنی ڕەشدا بهێنرێ. کاتێک باس لە ڕەش پێستەکان دەکرێ، مەبەست پیاوانی ڕەشە و هەر کاتێکیش باسی ئافرەتان دەکرێ ژنانی سپی مەبەستن.(هەمان، ٤١)

ئەگەرچی کەڵکەڵەی سەرەکیی فێمێنیزمی ڕەش هەر ئەو خاڵانەن کە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزم لە سەری پێداگرن، بەڵام جیاوازیی ئەم جۆرە لە فێمێنیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە ژنی ڕەش لە هەر سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چیندا لە ژێر ستەمدایە، بۆیە دەکوترێ پێداویستیی گرینگی دان بە هەموو ستەمەکان، لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی فێمێنیزمی ڕەشە.

دیوراکینگ، بۆ باس لە دۆخی ژنانی ڕەش، کەڵک لە واتای «مەترسیی چەند لایەنە» وەردەگرێ. ئەو پێی وایە؛ ئەم ئافرەتانە لە سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چینەوە لە ژێر ستەمدان و جۆری پەیوەندیی ئەم سێ ستەمە دەبێتە هۆی چەند قات بوونی کاریگەریی ئەم ستەمانە لە سەر ئافرەتانی ڕەش پێست.(هەمان، ٤١٧)

بە پێی ئەو ڕوانگەیە، ژنانی ڕەش نە تەنیا دەیانهەوێ پێش بە مێیینەیەکی ئۆبژە بگرن، بەڵکوو دەیانهەوێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەزمی جیهانیدا وەک سووژەیەکی ڕەش و مرۆڤێکی پلە یەک ژیان بە سەر بەرن و ڕووبەڕووی ئەم قەوارەیە بنەوە کە حەولی بە زنجیر کێشانی ڕەگەز، ڕەچەڵەک و پلەی کۆمەڵایەتیی ئەوانی هەیە. بۆیە باربارا ئیسمیت ماف زان و فێمێنیستی ڕەش دەڵێ: «واتای هاوکاتی ستەمەکان ئێستاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمێنیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن

لە حەقیقەتی سیاسییە، کە من پێم وایە یەک لە گرینگترین بنەماکانی تیئۆریی ئیدئۆلۆژیکی ئەندێشەی فێمێنیزمی ڕەشە»
لە لایەکی دیکەوە ژنانی ڕەنگین پێست کە خۆیان لە چوارچێوەی گوتاری فێمێنیزمی ڕەشدا دەبیننەوە، ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزم دەکەن کە سەرنج ناداتە چەوساندنەوەی ژنانی ڕەچەڵەک، نەتەوە و قەومێکی جیاواز، بە دەست ژنانی ڕەچەڵەک و نەتەوەیەکی دیکەوە و ئەو پرسیارە دێننە ئاراوە کە: «ئایا زانیارییەکمان لەسەر جیاوازییەکانی ژنان هەیە»؟(ڕیتزێر، ۱۳۸۱، ۴۹۵)

«کیمبێرلی کرێنشاو»، پسپۆڕی مافی ڕەش پێستەکان، داهێنەری واتای «ئینتێرسێکشنالیتی» یا «تیئۆریی تەلاقی»ە، لەم ڕوانگەیەوە هەلاواردن وەک ترافیکی چوارڕێیانێک وایە کە مومکینە لە هەر لایەکەوە ڕوو بدات. ئەگەر ڕووداوێک لەسەر چوارڕێیانێک ڕوو بدات، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر هاتوچۆی ماشێنەکان لە یەک یا هەموو لایەکانەوە هەبێ. ئەگەریش ژنێکی ڕەش پێست لەم ڕووداوەدا زیانی وێ بکەوێ ئەم خەسارە ڕەنگە بە هۆی هالاواردنی ڕەگەزایەتی یا ڕەچەڵەک پەرەستانەوە بێ، بەڵام کێشانەوەی ڕەسمی ڕووداوەکە کارێکی ئاسان نیە؛ زۆر کات هێڵی تورمز و ئاستی خەسارەتەکە باس لە کاریگەریی چەند هۆکار دەکەن، هەر بەم هۆیە حەول بۆ دۆزینەوەی شۆفیری تاوانبار بە ئاکام ناگات. کرێنشاو لەسەر ئەو بنەمایە جەخت دەکاتەوە کە ئافرەتانی ڕەش پێست بە هۆکاری جیاواز، دەکەونە بەر پەلاماری هەلاوردن و ستەمەوە، بەڵام ناتوانرێ قامک لە سەر جۆرێک لە ستەمەکان داندرێ، بەڵکوو دەبێ بگوترێ کە سەرجەمی ئەم ستەمانە بوونەتە هۆی ئەم دۆخە.(ئیسمیت و...، ۱۳۹۳، ۴۰-۳۹)

کەواتە تیئۆریی ئینتێرسێکشنالیتی بۆ کاریگەریی ستەمەکان لە سەر کەسایەتیی ئافرەتی ڕەش پێست و نەزەریەی ستەمە چەندفاقەکان و شوناسە چەندفاقەکان کە باسی سەرەکیی شەپۆلی سێهەمی فێمێنیزمن، دەتوانن ئەم بنەما تیئۆریە بدەن بە دەست هەر توێژەرێک لە نەتەوە، ڕەچەڵەک، ئایین، چین و شوناسێکی جیاواز لەو کۆمەڵگایانەی کە بزووتنەوەی ژنان و ڕەوتە مافخوازە نەتەوەتی، ڕەچەڵەکی و ئیتنیکییەکان لە ئارادان.

## فێمێنیزمی ئێرانی و پرسی ژنی کورد لەم فێمێنیزمەدا

کورد لە ڕۆژهەڵات بە پێی ئەوەیکە لە چوارچێوەی سیاسیی ئێراندایە، وێڕای ئەم کۆمەڵگایە دەستەویەخەی گەلێک قەیران و کێشەیە کە هەر کام بنەمای جۆرێک ناتەواوی و لە ئاکامدا ستەمیان پێکهێناوە. کەلێنی ئایینی، ستەمی ئایینی؛ کەلێنی نەتەوەیی، ستەمی نەتەوەیی؛ کەلێنی چینایەتی، ستەمی چینایەتی؛ کەلێنی ڕەگەزایەتی، ستەمی ڕەگەزایەتی و لە کۆتاییدا قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیی گەشەنەسەندوو کە دەستەویەخەی چەندایەتیی پێکهاتەییە(تعدد ساختاری)؛ بە شێوەیەک کە هاوکات کە دامەزراوە مۆدێڕنەکان هەن، پاشماوەکانی پێکهاتە نەریتییەکانیش جێگیرن و بوونەتە هۆی ئەو دۆخەی ئێستا کۆمەڵگای ئێرانی تێدایە و واتایەکی جیاواز لە هەموو کۆمەڵگاکانیان داوە بە کەلێنی سوننەت و مۆدێڕنیتە. کۆمەڵگایەک کە نەیتوانیوە خۆی لە گەڵ ڕەوتە جیهانییە نوێیەکان هاوڕێ بکات و کاریگەریی مۆدێڕنیتە لەسەر دەزگای حقووقی، کلتووری و سیاسییشدا مانادار نیە، بەڵام مۆدێڕنیسم تەنانەت لە ژووری نووستنی

تاکەکانــی کۆمەڵگادا لــە جموجۆڵدایە و ئەم کۆمەڵگایەی تووشــی مۆدێرنیســمی (کژدیســە) کردووە، جۆرێک لە گۆڕان کە نە تەنیا نەبووەتە هۆی لێک گرێ دانەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتووری و حقووقیی ئەم کۆمەڵگایە لە سەر بنەمای عەقڵیەتێکی سەردەمیانە و گونجاو، بەڵکوو چین و جیاوازییەکانی ســەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بەرداوەتــە گیانی یەکتر و دەربازبــوون لە هەر کام لەو کێشــە و ناتەباییانە پێویستی بە خەباتێکی جیاواز و لێــک گرێدراو هەیــە، خەباتێک کە بە شــێوەیەکی هاوشێوە، پێویســتە هەموو جومگــە و جیاوازییەکانــی ئــەم قەوارە جوغرافیاییە بگرێتەوە. کۆمەڵگایەک کە لە پتر لە سەد ساڵ لەوەپێشەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابــەری خەبات دەکا و بە نــوێ بوونــەوەی بنەما هــزری و بە پێی گەشــەی ئابووری و گۆڕانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە هێندێک قۆناغدا خەباتی چینی ناوینش لە ئارادا بووە، خەباتێک کە دەتوانێ هانــدەری ژنان وەک چینی تازە وەئاگاهاتووی ئەم کۆمەڵگایە بێ.

ســەرەڕای ئەم ناتەواوی و کێشــانەی کۆمەڵگای ئێران، ئاســتەنگەکانی بەردەم فێمێنیزمی ئێرانی و جۆری پێکهاتنەکەی دەتوانن ئەم سێ خاڵە بن:

**یەکەم؛** ئیستبدادی سیاسی کە بووەتە هۆی ســاز کردنی بەربەســت لە بەردەم چالاکیی فێمێنیزمی ئێرانی و ئیزن نەدان بۆ کار کردن بە شێوەیەکی ئازاد و بەربڵاو.

**دووهەم؛** جەهلی گشتی و پێکهاتەی باوک ســالاری کۆمەڵگا کە ئیزن بە ساز بوونی بەســتێنێکی گونجــاو بۆ چالاکیی فێمێنیستی نادات.

**ســێهەم؛** کۆچی گشتیی بەشێکی زۆر لە ئافرەتانــی چالاک بۆ دەرەوەی وڵات و ساز بوونی دوو ژینگەی جیاوازی چالاکیی ژنان کە ئاکامەکەی لێک تێنەگەیشــتنی ئەو دوو بەشــە و ساز نەبوونی یەکانگیری بە هــۆی دووری و جیوازیی بەســتێنی چالاکییەوە.(درویش پوور، ١٣٩١، ئینتێرنێت)

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئەم خەســارانە فێمێنیزمــی ئێرانــی لــە بەســتێنی کۆمەڵایەتیی ئێراندا ژیــاوە و توانیویەتی لە هێندێک قۆناغدا دەســتکەوتی گشتی لە پێناو وشیار کردنەوەی ژنی ئێرانیدا بە دەســت بێنێ، بەڵام هەر وەک لە درێژەدا دەبینیــن هیچ یەک لــە قۆناغەکانی ئەم فێمێنیزمــە نەیتوانیوە پەیوەندیی لە گەڵ ژنــی پێکهاتە جیاوازەکانــی ئێراندا هەبێ یا کەڵکەڵەی ئەم بەشــە لە ئافرەتان ببێتە بابەتی ئــەم فێمێنیزمە. وەک گرینگترین خەســاری فێمێنیزمی ئێرانی، پێویســتە ئامــاژە بەوە بکرێ کە فێمێنیزم لە ئێراندا قــەت نەیتوانیــوە قەوارەیەکــی نەزەری و تیئۆریــک بۆخۆی دەســتەبەر بکات و حەولی فێمێنیستی تەنیا لە چوارچێوەی بزووتنەوەکاندا، بێ تیئۆری ماوەتەوە. دیارە هێندێک نووسراوە و وتار لە پەیوەندی لە گەڵ فێمێنیزمی ئیســلامی و جۆرەکانی فێمێنیزم بلاو بوونەتەوە بەڵام ئەم حەولانە نەیانتوانیوە چوارچێوەیەکی نەزەریی باوەڕ پێکراو و بەهێز بن بۆ فێمێنیزمی ئێرانی.

پێنج بەرە لە پێنــج قۆناغی جیاوازدا بــۆ فێمێنیزمی ئێرانی بــاس دەکرێ کە هــاوکات لە گەڵ بــاس کردنی ئەم پێنج دەورەیــە پەیوەندییەکانی لە گەڵ بابەتی فێمێنیزمی کورد دەخەینە بەر باس.

**بــەرەی یەکــەم؛** یەکــەم بــەرەی فێمێنیســتەکان ئافرەتانــی بەشــدار لە بزووتنەوەی مەشــرووتە لە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەمدا بــوون کــە بێجگە لــە ویســتی ســەربەخۆیی، داواکارییــە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە؛ داواکاریی مافــی دەنــگ دان و گرفتەکانــی ژنان

لە نێو بنەماڵە و بە فەرمی ناسینی مافی خوێندنی ئافرەتان لە نێو نیزامی پەروەدەدا. ئەم بەرەیە لە سەرەتاکانی ورووژاندنی باسی مەشرووتەخوازییەوە سەریان هەڵدا و تا بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا بۆ ماوەی سێ دەیە حەولیان دا. لەم قۆناغەدا چالاکیی ئافرەتان، بۆ گەیشتن بە هێندێک ویست و داواکاریی دیار و تایبەت بوو، بۆیە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ئەم نەوەیە بزووتنەوەیەکی «داواکاری تەوەر» بووە.(ئەحمەدی خوراسانی، ١٣٨٦، ٥١) لەم قۆناغەدا وەک لە خوێندنەوە و سەرنجدان بە جۆری تێکۆشانەکانیاندا دەردەکەوێ لە بنەمادا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم بەرەیەی فێمێنیزمی ئێرانی و ژنی کورد و باقیی پێکهاتەکان لە ئارادا نیە، دیارە لەو سەردەمەدا کورد لە دوو سەنگەردا خۆی دەدیتەوە، تاقمێک کە سەر بە سەرۆک عەشیرەتەکانی باکوور و نێوەڕاستی کوردستان بوون بە هۆی ئەوەیکە مەشرووتە دەتوانێ ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ئەوان تێک بدات و بە زیانیان دەبێ دژایەتیی مەشرووتەیان دەکرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە چینی شاری و مامناوەندی کوردستان و بەشێک لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات هاورێ و هاوپەیمانی مەشرووتە بوون، کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاورێیەتیە، چاوەڕوان دەکرێ پردێک لە نێوان ئەم بەرەیەی فێمێنیستەکانی ئێرانی و کوردەکان بکرێتەوە یا بابەتی ژنی کورد وەک بەشێک لە ژنانی ئەسیری نەریتی پیاو سالارانەی ئەم بەشەی ئێران لە بەرنامەکانیاندا بگونجێ، کە ئەو شتە لەو قۆناغەدا نابیندرێ.

**بەرەی دووهەم:** ئەم بەرەیە لە سەردەمی سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی ڕەزاشادا سەریان هەڵدا. لەو کاتەدا «نوێخوازی» ببوە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتی دەسەڵاتی ڕەزاشا و بەشێک لە ویستەکانی ژنان لەم چوارچێوەیەدا جێی دەبۆوە. لە ڕاستیدا «مۆدێرنیزم» و «نوێخوازی» پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا وەک شێوە و ستایلێک لە ژیان لە لایەن ژنانەوە چاوی لێ دەکرا، بەڵام کە ئەم واتایانە بوونە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتیی ئەم نیزامە نوێیە، لە نێوان فێمێنیستەکاندا کە لە قۆناغی پێشتردا یەکگرتوویی بوونی هەبوو، لێک ترازان ڕوویدا، بەشێکیان پەسیو بوون و لە مەیدان چوونە دەرێ، بەشێکیان لە چوارچێوەی گوتاری دەسەڵاتدا درێژەیان بە چالاکی دا و بەشێکی دیکە وەک ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزمی داسەپێندراو، تێکەڵ بە جەریانە سیاسییەکانی ئەو سەردەم بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٣٢٠تا ١٣٣٢ بوون.(هەمان، ٥٢) لەم سەردەمەدا مۆدێرنیسم و گوتاری ناسیۆنالیستی ڕەزا شا نە تەنیا نەیدەتوانی هیچ بەهەرەیەک بە کورد بگەیەنێ بەڵکوو حەول بۆ هاوشێوەسازیی ئێران و ئاسیمیلە کردنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی قەومی کەوناراخوازی ڕەزاشا، ستەمێکی سازماندراو و نوێی بەسەر کورد و ژنی کورددا سەپاند. کە ئەوە دەیتوانی بۆخۆی بەردی بناغەی پەیوەندیی فێمێنیزمی فارس، بە تایبەت ڕەخنەگرانی باڵە حکوومەتییەکە لەگەڵ ژنی کورد ساز بکات، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ هاوکاری یا کەڵکەڵەی فێمێنیزمی فارس یا جەریانە سیاسییەکان بە نیسبەت ژنانی کوردەوە نابیندرێ. ئەگەرچی هەر لەم سەردەمەدایە کە کۆماری کوردستان و یەکەمین ڕێکخراوەی ژنانی کورد دادەمەزرێ و پاشانیش لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودەدا پەیوەندیەکی

باشـــی هاوکاری شـــکڵ دەگـــرێ بەڵام هەرگیز ئـــەوەش نابێتـــە دەلاقەیەک بۆ هاتنە ژوورێی پرســـی ژنی کـــورد بۆ نێو بەرنامەی توودە، وەک نیوەی کوردستانی ژێر دەســـتە، کە ئێستا بە بۆنەی ڕوانگەی نوێخوازانەی دەسەڵاتی پەهلەویەوە تووشی ســـتەمێکی دیکەش بووە. ئەم ســـەردەمە کە ســـەرەتای ژیانی سیاســـیی کورد لە چوارچێوەی گوتارێکی مۆدێرن و لە سەر بنەمای حیزبایەتیدا بوو، توانیی هەنگاوی یەکەم بۆ باس کردن لە پرســـی ئافرەتان هەڵبهێندرێتـــەوە بـــەڵام ئەوە بـــە مانای شـــکڵ گرتنی گوتاری فێمێنیزمی کورد بۆ ســـڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتی نەبوو، بەڵکوو ئەو حەولە لە قەوارەی بزووتنەوی نەتەوایەتی و دژ بەو ستەمەدا بوو.

**بەرەی ســـێهەم؛** بە هـــۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ســـەردەمی محەمەدڕەزا شا، لە دەیـــەی ٤٠ی هەتاوییەوە بزووتنەوەی ژنـــان بە ناچاری بە دوو ڕەوتی گشـــتیدا دابەش بوو. بەشێکیان پێداگرییان لە سەر گۆڕینی هێندێک یاسای دژی ژن لە ڕێی پێکهاتـــە حکوومەتییەکان و لە ئاســـتی نێونەتەوەییەوە کرد. بەشـــەکەی دیکە بە مەبەســـتی گەیشتن بە ژیانێکی عادڵانەتر بۆ خۆیان (خۆیەک کە زۆر جەخت لە سەر شوناســـە ژنانەکەی نەکرابـــوو بەڵام دیارە هێندێک نیگەرانی لە ئارادابوو) تێکەڵ بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو سەردەم بوون بۆ ڕووخاندنی ســـەرجەم ئەو دەســـەڵاتە سیاسییە. شـــێوەی چالاکیی بزووتنەوەی ئەم بەرەیە «ئیدئۆلۆژی تەوەر» بوو. لە بری ویســـت و داواکارییە جیاوازەکانی خۆیان، ئیدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان، بوونە ناوەندی چالاکیـــی ئەم ژنانـــە. هەر بـــەم هۆکارە بەربەرەکانێ و تەنانەت دژایەتییش کەوتە نێو ژنانی چالاکەوە و بزووتنەوەی ئافرەتان لەم ســـەردەمەدا تووشی دابڕان لە ویستە سەرەکییەکانی خۆی بە بۆنەی تێکەڵ بون بە ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکانەوە بوو.(هەمان)

دیارە وەک دەبینین ئەم قۆناغە سەردەمی شـــکڵ گرتنی بزووتنەوە سیاســـییەکانی ئێرانە بـــە دژی حکوومەتـــی پەهلەوی و بە پێـــی جیاوازیی حیـــزب و لایەنەکان، جیاوازی لە نێوان گوتاری فێمێنیســـتیی ئافرەتانـــی ئێـــران پیکدێ و لـــە لایەکی دیکەشـــەوە فێمێنیزمـــی حکوومەتییش درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لەو سەردەمەدا کوردســـتانیش تووشـــی گۆڕانکارییەکی پتر بە نیســـبەت دەورەی ڕەزا شا دەبێ و جیلێکی نـــوێ لە خوێندکارانی ژنی کورد دێنە گۆڕەپانـــی کۆمەڵایەتییەوە و دەبنە ئەو هێزەی کە دواتر تێکەڵ بە شۆڕشـــی ســـاڵی ٥٧ دەبن. لەو سەردەمەشدا هیچ نیشـــانەیەک لە کەڵکەڵـــەی فێمێنیزمی ئێرانی بە هەر دوو باڵی حکوومەتی و دژی حکوومەتییەوە نابیندرێ، بەڵام بەرنامەی نوێـــی پەروەردەی دەســـەڵات توانیویەتی گۆڕانکارییەک لە قـــەوارەی کۆمەڵایەتیی کوردستان و ژنانی کورددا پێک بێنێ کە ئەوە هـــەم لە باری فیکرییـــەوە ڕوویدا و هەم لە باری ڕواڵەت و ستایلی ژیانی ژنی کوردەوە، بە تایبـــەت چینی مامناوەندی شـــار. بەڵام ئـــەوە نەیتوانـــی ببێتە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی ســـەربەخۆی ژنانی کورد پێک بێ یا ببێتە هۆی پەیوەندیەکی ئۆرگانیک لە گەڵ ڕەوتی ئافرەتانی ناوەند. دیـــارە ڕەنگە تاک و تـــەرا هەبووبێ ژنی کورد خـــۆی لەو بازنەیـــەدا وەک تاکێک دیبێتەوە بەڵام کێشـــەی ســـتەمی چەند قاتی ژنانە لە ژنی کوردی ژێر هێژموونیی دەســـەڵاتی پیاوســـالارانە و حکوومەتـــی پاشـــایەتی لـــە لایەک و مـــەودای زۆری چینایەتیی نێوان ژنی مامناوەندی شـــاری و لادێیی نەبـــووە هەوێنی بزووتنەوەیەکی تایبەت بە ئافرەتان و تەنانەت بزووتنەوەی

نەتەوەییش نەیتوانی پرسی ژن وەک یەک لە دالە گرینگەکانی گوتاری سیاسیی خۆی بخاتە بەرنامەوە.

**بەرەی چوارەم؛** ئەو فێمێنیستانە لە خۆ دەگرێ کە دوای شۆڕش و بە تایبەت دوای شەڕ، بە هێنانە گۆڕێی پرسی ژنان و بابەتە تێئۆریکەکانی پەیوەندیدار بە فێمێنیزمەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگادا دەستیان کردەوە بە چالاکی. «شوناسخوازی» بنەمای چالاکیی ئەم قۆناغە بوو. فێمینیسم وەک شێوە ڕوانینێکی سەربەخۆ لەم دەورەیەدا پێک هات، «شوناسخوازی» لە ژێر ناوی «فێمێنیزمی سوسیالیستی»، «فێمێنیزمی لیبراڵ»، «فێمێنیزمی ئیسلامی» و سنوورەکانی نێوان ئەوانە بە مەبەستی پێکهاتنی «شوناسە سەربەخۆکان» هاتە مەیدانی چالاکییەوە. بە هۆی ئەوەیکە لەو دەورەیەدا فێمێنیستەکان هەڵگری قورساییی گرفتەکانی پاش دوو قەیرانی شۆڕش و شەڕ بوون، بە دووی دۆزینەوەی شوناسێکی سەربەخۆوە بوون تا سەربەخۆیی خۆیان لە ڕەوتەکانی دیکە ڕابگەیەنن. هەڵبەت بەشێک لە بەشدارانی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی فێمێنیستی، کەسانێک بوون کە پێیان وابوو دوای شۆڕش کڵاویان چووەتە سەر و نە تەنیا دەستکەوتێکیان نەبووە بەڵکوو پاشەکشەیەکیش ڕووی داوە، بۆیە بە دووی دیتنەوەی شوناشێکی تایبەتەوە بوون.(هەمان، ٥٣) لە ڕاستیدا ئەم قۆناغە گرینگترین سەردەمی بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە خۆی دەگرێ کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم گەلەدا، ژن وەک سووژەیەک بە دوای ئارمان و ویستە نیشتمانییەکانیدا دەچێ و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، بەشێک لە سووژەییی ئەو وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ پێکدێنێ، دیارە لەو سەردەمەشدا نە حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان نە جەریانە مارکسیستەکان کە شەپۆلی دووهەمی فێمێنیزمی جیهانی پێی لە تێئۆرییەکانی ئەواندایە، نەیانتوانی بابەتی ژن وەک چەمکێکی سەربەخۆ بخەنە گوتاری سیاسیی ڕێکخراوە و خەباتی خۆیانەوە و ژن وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئەوان چ ڕەوتی چەپ و چ نەتەوەیی حوزووری هەبوو، بەڵام ئافرەتی کورد وەک نیوەی کۆمەڵگای ژێر ستەمی کوردی بەرەنگاری ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی ببۆوە و لەو ڕێگایەوە حەولی سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتیی دەدا، بەڵام ئێستاش لە ڕوانگەیەکی پیاوانە و لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا. لە وەها دۆخێکدا کە ژنی کورد بە خۆئاگاییەکی مێژوویی لە قەیرانەکانی دەوروبەری گەیشتبوو، فێمێنیزمی ئێرانی نە تەنیا حەولی نەدا بۆ وەسڵ کردنەوەی شوناسی ئافرەتی کورد بەو شوناسە لێ ون بووەی کە دوای شۆڕش و شەڕ بە دوایدا دەچوو، بەڵکوو دیسان پرسی ژنی کورد وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئێرانی دواکەوتوو، کە تووشی سێ و بگرە زیاتری ستەمی کۆمەڵایەتییە، کەوتە پەراوێزەوە. ئەو فێمێنیزمە نە تەنیا پێی لە واقعیی کۆمەڵگای ئێراندا نەبوو کە کوردستانیش بەشێکی ئەو واقعییەتە بوو، بەڵکوو بە دابەزاندنی پرسی ژنی ئێرانی تەنیا بە پرسی چینی مامناوەندی فارسی ئێران، لە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزم لە وڵاتانی چەند پێکهاتەیی دوورکەوتەوە، دوورکەوتنەوەیەک کە خەسارەکەی دەبێ بە ئاستی دوورکەوتنەوەی کورد و باقیی نەتەوەکانی دیکە لە ناوەند مەزندە بکرێ. ئەم قۆناغە بۆ ژنی کورد گرینگترین سەردەمە، چون یەکەم ئەزموونی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ڕوو دەدا و ئەوەش لە سەر خۆئاگاییەکی نوێیە

کــه ئەم ئافرەتانە پێی گەیشـــتوون، دیارە بابەتی ژن لە حیزبە شۆڕشگێڕەکانیشـــدا هاتۆتــە بەر بــاس و وەک پرســێک لێی ڕوانــراوە بەڵام هەر وەک باس کرا هەرگیز ژن لە ڕوانگــەی ژنانەوە بۆ چارەســەری پرســەکانی خــۆی و پرســی نەتەوەیی نەچوو، بەڵکوو ئــەوە لە ڕوانگەی پیاوێکی شۆڕشــگێڕی کوردی نەتەوەییەوە ڕوویدا و ڕوانگەی ژنی شۆڕشــگێڕی کوردی ناو ئەو حیزبانە و دەرەوەی ئەو بازنەیەش هەر پیاوانە بوو.

**بــەرەی پێنجەم؛** ئــەم بەرەیە کە بە لایەنگرانــی «کەمپەینــی یــەک میلیۆن واژۆ» پێناســە دەکرێــن، بــە ڕاگەیاندنی ویســتەکانیان لــە چوارچێــوەی ئــەم کەمپەینە و کاری هاوشــێوە لە گۆڕەپانی گشتیی کۆمەڵگادا دەرکەوتوون. چەشنی دایەگەورەکانیان لە سەردەمی مەشرووتەدا بەرەیەکــی «داواکاری تــەوەر»ن، ئەگەر بەرەی ســێهەم بەرەیەکــی «ئیدئۆلۆژی تەوەر» و بەرەی چوارەم جیلێکی «شوناس تەوەر» بوون، لە بەرەی پێنجەمدا دیســان لــە گــەڵ نەوەیەکــی «داواکاری تەوەر» ڕوووبەڕووین. ئەگەرچی داواکاریی بەرەی یەکەم بە پەیڕەوی لە بارودۆخی جیهانی و بە شێوەیەکی نائاگایانە ڕوویدا، بەڵام لەم ســەردەمەدا بە هۆی دۆخــی نوێی ژیانی ژنــان و تێئۆرییە فێمێنیســتییەکان، ئەم داواکارییانــە لە ئارادان. ئاراســتەی پتری هزری بــەرەی پێنجــەم ئیدۆلۆژیک نیە و سیاســەتی ژیانی خۆی لــە بارودۆخی عەینیی ژیانی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە و دوور لە دەسەڵات و پێکهاتەکانی، خەریکی ئەکتی سیاســی و کۆمەڵایەتیە. ئــەم بەرەیە لە لایەکەوە ئەزموونی هەشت ساڵی دەورانی ڕیفۆرمی هەیە و لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵەی سەردەمی ئینتێرنێت و ماهوارەیە و ناتوانێ لــەو قــەوارە ئیدئۆلۆژیکییەی پێشــوودا بمێنێتەوە.(هەمان، ٥٥-٥٣).

ئەگەرچی ئــەم بەرەیە لــە فێمێنیزمی ئێرانی سەربەخۆتر لە جیلەکانی دیکە سەری هەڵــداوە و پتر لە هەموویــان دەرکەوتەی کۆمەڵایەتیــی هەیــە و لێکەوتەکانــی دیار و بەرچــاون، بەڵام جگە لــە مافێک کە بۆ ئیرادەی شارســتانییەکان (لــە چوارچێوەی تێئۆریی مرکز-پیرامون) لە بەرانبەر ناوەندا ڕەچاو کراوە ئەویش لە بەشــێک لە کتێبی «بزووتنەوەی یەک میلیۆن واژۆ ڕەوایەتێک لە نێوەوە»، وەک بنەمای تێۆریکی ئەم کەمپەینە و بە گشــتی ئــەم بەرەیە، هیچ شــتێک بە قازانجــی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران بەدی ناکرێ. دیارە ئەم بەرەیە بە دروشــمی واقعبینی هاتۆتە مەیدانەوە بەڵام ئەم ڕوانینە ئێســتاش نەیتوانیوە کورد و ژنی کورد وەک بەشێک لەم واقعییەتەی ژنانی ئێران قەبووڵ بکات. ئەم بەرەیە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە کەوتۆتــە دەورانێکەوە کــە ئیدی ژنی کورد نــە تەنیا ئەزموونی خەباتی شۆڕشــگێرانەی شــاخی هەیە، بەڵکوو لــە مەیدانی مەدەنی و وەک بەشــێک لە ژنی کۆمەڵگای جیهانی حزووری بووە و دەریخســتووە کە دەتوانێ سووژەیی خۆی بە دونیا و کۆمەڵگای ئێران بسەلمێنێ و پێناسەیەکی نوێ لە ژنی کورد، وەک ژنێک کە شوناسێکی چەندفاقی هەیە و لــە ژێر کاریگەریی ئــەو چەندفاقیەتییەدا و ســتەمە چەند لایەنەیەدا کە بە ســەریدا ڕەوا دەدرێ، بوونــی هەبێ. تەنانەت لە وەها دۆخێکدا فێمێنیزمی ئێرانی نەیویســتووە یا نەیتوانیوە ئەم ســووژە تازە وە خۆئاگا هاتووە ببینێ و کەڵکەڵەکانی خۆی لە سەر بەشێک لەم واقعییەتــەی کۆمەڵگای ئێران کە کورد بەشێکی گرینگێتی دامەزرێنێ.

## فێمێنیزمی ڕەش و چوارچێوەیەک بۆ فێمێنیزمی کورد

کــورد یەک لــەو پێکهاتانەی کۆمەڵگای

ئێرانە کــە چەند جیاوازیی لە گەڵ ناوەند هەیە کــە بوونەتە هــۆی ئەوەیکە وەک نەتەوەیەک بە شوناســی چەندفاقەوە لێی بڕوانرێ، دیارە ئەگەر کورد خاوەن کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تایبەت بوایە، ئەم جیاوازییانە نەیدەتوانــی ببێتە هۆکارێک هاوشــێوەی ئەوەی ئێســتا بــۆ کورد لە چوارچێــوەی وڵاتــە فــرە پێکهاتەکاندا لە ئارادایــە. بە پێی ئەم ڕاســتییە کورد وەک ڕەش پێســتەکان لە نێو وڵاتە سپی پێســتەکاندا کە چەند شوناسی جیاوازیان هەیە، چەند شوناســی جیــاوازی لە نێو کۆمەڵــگای ئێرانــدا هەیە. دیــارە جۆری فێمێنیزمــی ڕەش، بۆ نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕەوتی ســەرەکیی فێمێنیزم ســەری هەڵدا، جۆرێک لــە بزووتنەوەی ژنان کە هەڵقــوڵاوی دۆخی تایبەتــی خۆیان بوو، فێمێنیزمی ڕەش بە پێی ئەوەی کە لەسەر بنەمای چەندفاقە بوونی شوناس و ستەمی چەند لایەنە دامەزراوە، دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بــۆ فێمێنیزمی کــورد. ئەوە لە حاڵێکــدا دەکوترێ کە بــە لێکدانەوەی پتر لە ســەد ســاڵ تەمەنی فێمێنیزمی ئێرانی، هیــچ خاڵێک بــەدی ناکرێ کە ئافرەتانــی کورد، خۆی تێدا ببیننەوە و لە بنەمــادا ئەم فێمێنیزمــە، کەڵکەڵەی ئەم پێکهاتەیەی ئێران بەو شوناسە تایبەتەوەی نییە. فێمێنیزمی ئێرانی وەک فێمێنیزمی نەتــەوەی سەردەســت نە تەنیــا حەولی ئەوەی نەبووە بۆ پرســی ژنی کورد کە لە ژێر باری ستەمی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی و چینایەتیدایە بەرنامەیەکی هەبێ، بەڵکوو بە دابەزاندنی پرســی ژنی ئێرانی تەنیا بە ژنی فارسی چینی مام ناوەندی شار، بۆتە هــۆی پەراوێز کەوتنی پرســی ژنی کورد و بۆخۆی وەک داپڵۆسێنەری ئەوان ڕۆڵی گێڕاوە. کەواتە ئافرەتی کورد لە چوارڕێیانی ســتەمە جۆراوجۆرەکانــدا گیــرۆدەی ئینتێرسێکشــناڵیتیەکی تایبەتــە کە لە هەر چوار لاوە تووشــی چەوســاندنەوەیە و ئاســتی کاریگەریی ئەم ستەمانە لەسەر ڕەوانی ژنی کورد چەند قاتە و ئەم ترافیکە کە بەرهەمی ســتەمی هەمەلایەنەیە، لە ئەگەری تێکەڵ بوون بە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزمی ئێرانیشــدا چارەسەر ناکرێت، بەڵکــوو بۆ دەرباز بوون لــەم بارودۆخە و ســەرکەوتن بەســەر ئەو ســتەمە چەند فاقەیەدا، پێویســتە جۆرێک لە فێمێنیزم سەرهەڵبدا کە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێ:

**یەکــەم؛** گوتاری ئەم فێمێنیزمە دەبێ لە پلەی یەکەمــدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگای باوک ســالاری خۆی بێت و حەول بدا بۆ شــکاندنی ئــەو داب و نەریتانەی کە ژن لەویدا ئۆبژەیەکی دەست و باڵ بەستراوە و بەردەوام لە ژێر قەزاوەتی ئەم نەریتانەدایە.

**دووهەم؛** ئەم فێمێنیزمە دەبێ گوتاری خــۆی لە چوارچێوەی شــکاندنی یاســا پاشــکەوتوەکانی دەســەلاتی زاڵی ناوەند مەفســەلبەندی بکات و حــەول بدات بۆ دەرباز بوون لەو یاسایانەی کە فێمێنیزمی ناوەندیش ڕووبەڕووی وەســتاوە، لێرەدا لە گەڵ فێمێنیزمی ناوەند لە یەک سەنگەردا دەتوانن یەک بکەون.

**سێهەم؛** فێمێنیزمی کوردی لە قەوارەی چینــی مامناوەند و بالادەســتی کۆمەڵگا بێتە دەرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت چینی ژێر دەستی ئەم کۆمەڵگایــەش بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە، چون بەشــێکی ئەم خەباتە بۆ ڕزگار بوون لە ستەمی چینایەتییە.

**چوارەم؛** فێمێنیزمی کوردی پێویستە هێژمۆنــی فێمێنیزمی ناوەند بشــکێنێ و وەک کۆمەڵگایەکــی چەند شوناســی بە شوناسی تایبەتی خۆیەوە بەرگری لە ماف و ویســتەکانی خۆی بــکات و وەک ژنی کــورد بە ڕوانگەیەکی ژنانــە و کوردانەوە

پێناسەی فێمێنیزمی سەردەم بکات.

**پێنجـــەم؛** فێمێنیزمی کورد ئەگەرچی وەک بەشـــێکی بزووتنـــەوەی نەتەوەییی ماف خوازانەی کورد، دەبێ لە مەیداندا بێ، بەڵام بەو مانایە نییە خەبات بۆ مافی خۆی وەک ئافرەتێکی ژێر چەپۆک، پاشکۆی ئەم بزووتنەوەیە بێ، بەڵکوو هاوکات و هاوڕێ لە سـەر ویســتە حقوقی، کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی خۆی ڕاوەستێ و بزووتنەوە فێمێنیســتییەکەی گرێدراو و هاوکات لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی دژ بە ستەمی نەتەوەیی بێ.

**شەشـــەم؛** لـە ڕاســتیدا ڕوانیـن بـۆ قەیرانـەکان، لێکدانـەوەی قەیرانـەکان، دۆزینـەوەی ڕێـگا چـارە بۆ چارەسـەری قەیرانەکان، دەبێ لـە چاوێکی ژنانەوە بێ و ئەو فێمێنیزمە لە سـەر عەقڵییەتی ژنانە بە هەمـوو تایبەتمەندییەکانیـەوە دابمەزرێ بۆ سـڕینەوەی ئەم چەند جۆرە سـتەمەی کە لەسەریەتی.

ئـەوە ڕوانگـەی فێمێنیزمی ڕەش یا لە ڕاسـتیدا فێمێنیزمـی پێکهاتەکان بە شوناسـی چەندفاقەوەیە کـە دەتوانێ بۆ فێمێنیزمی کورد وەک پێکهاتەیەکی فرە شوناس بەکەڵک بێ.

## ئاکام

بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەم دۆخـەی کە ئێسـتا بزووتنەوەی کورد لە سەر دەستی جەریانـە نەتەوەییـەکان تێیدایە و ئەو ڕەوتـەی ژنـی کـورد وەک تاکێـک لە کۆمەڵگای ژێر سـتەمی ئێرانـدا لەگەڵی ڕووبەڕوویە، شـتێک بە نێوی بزووتنەوی ئافرەتانـی کورد لە چوارچێوەی فێمێنیزم و تیئۆریە فێمێنیسـتییەکان لـە ئارادا نییە. دیارە ئافرەتی کورد ڕێگایەکی دوور و درێژی پێواوە تا وەک سـووژەیەک دژ بە ئۆبژەیی مێژوویی خۆی سـەرهەڵبدا و لـە مەیدانـی خەباتی شۆڕشـگێڕانە و مەدەنیدا سـەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێ. بەڵام لـەم ڕێیەدا نە کۆمەڵگای کوردی و نە بزووتنـەوە نەتەوەیییەکەی بەو ڕادەیە لە گەشەسـەندوویی نەگەیشتبوو کە ژن لەوێدا بەشـێک لەو ڕەوتـە نەبێ، بەڵکوو شوناسێکی جیاوازی هەبێ و بە ڕوانگەیەکی ژنانە و تەحلیلی ژنانە و وەڵامی ژنانەوە بۆ پرسـەکانی کۆمەڵگاکەی بچێ. ئەگەر ژن دەبێ بوونی کاریگەری لەو بزووتنەوەیەدا هەبـێ، پێویسـتە وەک کاراکتەرێکـی سـەربەخۆی ژنانە و لـە ڕوانگەی ژنانەوە دژ بە سـتەمە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەت سـتەمی نەتەوایەتی ڕابوەستێ. هەڵبەت جیا کردنەوەی ئەم دوو شـتە لە یەک و قایل بوونی ئەم ڕۆڵە سـەربەخۆیە لە سەر دەروونناسـیی ژنانە بـۆ ئافرەتان کارێکی دژوارە، وەک باربارا ئیسمیت دەڵێ: «واتای هاوکاتی سـتەمەکان ئێسـتاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمێنیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی سیاسییە، کە من پێم وایە یەک لـە گرینگترین بنەماکانی تیئۆریـی ئیدئۆلۆژیکـی ئەندێشـەی فێمێنیزمی ڕەشە».

## سەرچاوەکان


-احمدی خراسانی، نوشین. جنبش یک میلیون امضا روایتی از درون. ۱۳۸۶، تهران.

-اسـمیت، شـارون و امین حصوری و نیما کوشیار. فمنیسم سیاه. ۱۳۹۳، بی جا، انتشارات پروسه

-درویش پور، مهرداد. فمینیسـم در ایران و چالش های پیش رو. ۱۳۹۱، اینترنت;(radiofarda.com)

-ریتـزر، جرج. نظریـه های جامه شناسـی در دوران معاصر. ترجمه ی محسن ثلاثی. ۱۳۸۱، تهران، انتشارات علمی.

-فریدمن، جرج. فمینیسم. ترجمه ی نوشین احمدی خراسانی و دیگران. ۱۳۸۳، تهران، توسعه.

-مگی، هام و سـارا گمبـل. فرهنگ نظریه های فمنیسـتی. ترجمه ی فیروزه ی مهاجر، نوشسین احمدی خراسانی و فرخ قره داغی، ۱۳۸۲، تهران، نشر چشمه.

-مشـیرزاده، حمیرا. از جنبش تا نظریه ی اجتماعی: تاریخ دو قرن فمنیسم. ۱۳۹۰، تهران نشر و پژوهش شیرازه.